دەزگای ڕۆشنبیریی شەفەق - کەرکووک
بۆ تەمەنی ٩ تا ١٤ ساڵ

# حاجیلە

نایار ٢٠١١
١١

گوڵی حاجیلەکانی دەشـتی هامـوون
نەکەی بیدەی بە نێرگیز جاری گەردوون
حاجی قادری کۆیی

شینی ئاسمانی لە نێوان ڕووپەڕەکانی ئەم کۆوارە دایە، تۆی ئازا ئەگەر دۆزیتەوە، ئێمە خەڵاتێکت دەکەین.





## بێچووی ئاژەڵان

من لە ناو ئاودا دەژیم و بە درێژایی شەو و ڕۆژ مەلەوانی دەکەم. کاتێکیش گەورە دەبم پوولەکەکانی قەد لەشم ڕەنگیان ئاڵتوونی دەبێ.

دەزانن من کێم؟

دایکی من ماسیی زێڕینە و من بێچووی ئەوم.

لە ڕێی ئەو پەڕە پێستینانەی کە دەکەونە پشتی چاومانەوە ئۆکسجینی پێویست بۆ ژیانمان هەڵدەمژین.

ئا: زەریف





# پەلک دەرزیلەیی



سەربەست شاهۆ – دووبز

چەند جۆرێکی هەیە، وەک: چیساسپەرس و عەرعەر و تویا و، وەک ڕووەکی سروشتی سەربەخۆ دەڕوێن، جۆری تریشی هەیە کەمتر. بەربڵاون وەک ئەبیەس و پیسیا و سنۆبەر و تاکوس.

حەز لە شوێنی هەتاودار و ڕۆشن دەکا و زۆربەی جۆرەکانی لە دەرەوەی ناومال دەڕوێن.

لە وەرزی گەشەکردندا هەفتەی جارێک پەینی پێویست دەبێ.



# دەوەنی بێ ناوک

حەسەن عەلی – کەرکووک

نیشتمانی ئەم ڕووەکە باشووری کیشوەری ئەمەریکای باشوورە.

ئەم ڕووەکە لەو جۆرە ڕووەکانەیە کە نێر و مێی لە یەکتر جودان. ڕووەکی مێ بەرەکە هەڵدەگری، بەڵام پێویستە بپیتێنری بۆ ئەوەی بەر بدا. بۆیە دەبێ هەردوو ڕووەکی نێر و مێ لە لای یەکەوە بچێنرێن.



# مێوی ماسییە زێڕینە

نیشتمانی ئەم گوڵە وڵاتی (کۆستاریکا)یە. حەزی لە ناوچە سێبەرە.
لە وەرزی گەشەکردندا حەزی لە گەرمایە و لە وەرزی متبووندا سەرمای پێویستە.
دەبێ بەردەوام ژێری تەر بێ و هەفتەی جارێک پەینی دەوێ. لە ماوەی متبووندا کە ٦ هەفتە درێژەی هەیە پێویستی بە سەرمایە بۆ ئامادەی پرۆسەی گوڵکردن.

ژاڵە محەمەد – شۆڕاو





# ڤاریا

لاله وشیار – هەولێر

ئەم بچکۆلەیە ڤاریایە
مالیان لە بەریتانیایە
لە هەندەران دلتەنگ دەبێ
بێتە کوردستان شەنگ دەبێ
گۆنای خڕی دەڵێی سێوە
هەمیشە خەندەی لە لێوە
چاوەکانی دەنکە ترێ
جارێ ماویەتی پێ بگرێ
لێوەکانی وەک نێرگزە
هیچ کاتێ لێی نابڕێ بزە
منداڵەکانی کوردستان
ڤاریا بکەنە هاوڕێتان
ڕۆژێک دێ و دەگەڕێتەوە
باوەشتان بۆ دەگرێتەوە
ئەوسا دڵی زۆر خۆش دەبێ
لە کوردستاندا گۆش دەبێ



# پاک و خاوێنیی ژینگە

سەمیرە یاسین – هەولێر

ئاوێز کچێکی ژیرە
ژینگەی پاکی لەبیرە
ئەوەی بخوا پاشەڕۆی
فڕێی نادا لەدوای خۆی
هەڵی دەگرێ بەجوانی
ژینگە نەبێ ژیانی
هەردەم پێم دەڵێ دایە
ژینگە پیسی تێدایە
نیمەی منداڵ ناسکین
زوو نەخۆشی دەگرین
بچێنین گوڵ و درەختی جوان
با هەڵمژین هەوای نیان
بۆیە وا باشە هەردەم
پارێزگاریی ژینگە کەم



# مەتەڵ

شەماڵ نەورۆلی – ئەڵمانیا / شاری بۆن

مەتەڵەکەم شەش پیتە
ناوی شارێکی بەپیتە
سێ پیتی ناو کوردستان
دەیبینی لەودا زۆر جوان
چونکە هەیەتی سێ کاف
لێی دەدا لاف و گەزاف
گەر تێیدا نەبێت پەترۆڵ
یەکپارچە ببێت بە خۆڵ
هێشتا وەک سۆمای چاوم
خۆشەدەوێ تا ماوم

## فەرهەنگی حاجیلە

بیلان - کەرکووک

**بەیر** barc **دوو مانای هەیە :**

- ڕووت: بە شتێک دەگوترێ ڕووتە کە دانەپۆشرابێ.
- بەتاڵ: ژوورێکی بەتاڵ ئەو ژوورەیە کە هیچی تێدا نییە.

**بارک (١)** bark

توێکڵ

توێـــکڵ ئەو بەرگـــە ڕەقەیە کـــە بەدەوری لـــق و قەدی دارەوەیە.

**بارک (٢)** bark

وەڕین

ئەو دەنگە بەرزەیە کە سەگ دەری دەکات.

**بارن** barn

کادین

ئەو شوێنەیە لە کێڵگەدا بۆ ئەمبارکردنی کا بەکار دێت.

**باسکت** basket

سەبەتە

سەبەتە بۆ هەڵگرتن و گواستنەوەی شتومەک بەکار دێت.
سەبەتە لە تاڵی درێژ و باریک دروست دەکرێ وەک چڵی دار و زەل.

**بات** bat

- شەمشـــەمەکوێرە: گیاندارێکە شێوەی لە مشک دەکا و باڵدارە و بە شەو دەفڕێ.
- داردەست: پارچە دارێکی درێژە بۆ لێدانی تۆپ لە یاریی بەیسبۆڵدا بەکار دێت.

## کۆمەڵێک زانیاری لە ئێمەوە، دوو پرسیاریش بۆتۆ

خەدیجە عەبدولقادر
چوارتورنە

مەڕ: واتـــە پەز ئاژەڵێکـــی ماڵییە بۆ شـــیر و ڕۆن و گۆشـــت و خوری و سـکوڵا ڕاگیر دەکرێت بە نێرەکەی دەگوترێت بەران یان بەختە خرت بە مێیەکەشی دەگوترێت مەڕ.

مەڕ ئەم جۆرانەی هەیە:

١- تەو، بێ گوێچکەی قاوەییە.
٢- پەڕ، واتە مل ڕەش
٣- چار، ناوچـــەوان ڕەش ڕوومەت سپی، کوڕیس واتە بێ شاخ، کۆڵ
٤- کەری کوێ کورت و چار.
٥- قەش ، ڕەش و سپی شاخدار.

مایـــەوە بڵێیـــن مـــەڕ کـــە دەزێت و بەرخی دەبێت لە ســـاڵی یەکەم پێی دەگوترێت..........
لەساڵی دووەم پێی دەگوترێت..........

## ناوی کوردانەی نوێ

بەناز عومەر - هەولێر

هەژان : بزوان جولان
شیکار: نێچیروان، سەیڤان
لێڤار : کنار، ڕۆح
لەزگین : خێرا، پەلە
شێواز: ڕوخسار، شێوە
شامێر: لێهاتوو، جەربەزە
ژیڤان: ژیان، ژین
ژیلاڤ، کارا، کارزان
ڕابێژ: ڕاوێژ، پرسوڕا
دادڤان: دادوەر، دادپرس





## محەمەدی مەلا کەریم

ئۆژین سەباح - کەرکووک



لە ١٩٣١/٨/١٤دا لە گوندی بیارەی هەورامان هاتووەتە دنیاوە.
خوێندنی حوجرەی فەقێیەتیی لە بیارە و لە مزگەوتی (حاجی حان) لە سلێمانی، لەسەر دەستی باوکیدا خوێندووە و لە ١٩٥٤دا لێ بووەتەوە. لە ساڵانی ١٩٥٣ – ١٩٥٤دا لەبەر دەستی مامۆستا گۆراندا لە ڕۆژنامەی ژین کاری کردووە و گەلێ بابەتی نووسراو و وەرگێڕراویشی تێدا بڵاوکردووەتەوە. دوای چەندین جار دەستگیرکردنی، لە بەدرە لەگەڵ کۆمەڵێک لە دوورخراوەکاندا بەشداریی لە دەرکردنی گۆوارێکی عەرەبی – کوردیدا بەناوی (کوردستان) کردووە. لە ١٩٥٩ چووەتە بەغدا و لە وەزارەتی ئیسلاحی زەراعی دامەزراوە و دوو ژمارەی گۆواری (هیوا)ی یانەی سەرکەوتنی کوردائیشی دەرکردووە.
بەدەیان کتێبی ئەدەبی و سیاسی و مێژوویی هەیە. چ بەکوردی و چ بەعەرەبی.
ژن و منداڵی هەیە و باوکی (بیارە و ژیوار و پیران)ـە.

## نەجیب مەحفووز

ئەدیب عەزیز - کەرکووک



نەجیـب مەحفووز کـە ناوی تـەواوی (نەجیب مەحفـووز عەبدولعەزیز ئیبراهیم ئەحمەد پاشا)یە ڕۆمانتووسێکی خەلکی میسرە. لە ١١ی کانوونی یەکەمی ١٩١١دا لەدایک بووە و لە ٣٠ی ئابی ٢٠٠٦دا مردووە.
نەجیب مەحفووز لە سـاڵی ١٩٣٩وە تا ساڵی ٢٠٠٤ لە نووسین بەردەوام بـووە. نووسـینەکانی بریتی بوون لـە ڕۆمان (کە زیاتر لـە ٣٠ ڕۆمانی نووسیوە) و زۆربەی ڕۆمانەکانی کراونەتە فیلم زنجیرەی دراما و تێکرایان باسی ژیان لە میسر دەکەن. هەروەها نزیکەی ٢٠ چیرۆکی نووسیوە.
گرینگتریـن ڕۆمانەکانـی بریتیـن لـە کورانـی گەڕەکمـان و سـێیینە بەناوبانگەکەی و حەرافیش.
نەجیب مەحفـووز نزیکەی ١٠ جار خەڵات کـراوە و گرینگترین خەڵات، خەڵاتی نۆبڵ بوو لە بواری ئەدەب کە ساڵی ١٩٨٨ پێی بەخشرا.

# ورد پەنجە



داستان مەحموود - دارەمان


















بۆ رۆژی دواتر، دارەوان دووبارە منداڵەکانی بردەوە
دارستان و ئەم جارە رێی ئەدا وردەپەنجە بەرد کۆ بکاتەوە.
وردەپەنجەش ئەم جارە وردە نانی بەکار هێنا، بەڵام چۆلەکەی
دارستانەکە وردە نانەکەیان خوارد و منداڵەکان نەیانتوانی
بگەڕێنەوە و لە دارستاندا بزر بوون و ترسیان لێ نیشت.


منداڵەکان ملی رێیان گرت تا گەیشتنە
ماڵێک و لە دەرگەیان دا. ژنێک
هاتە دەرەوە و پێیانی گوت: «ئێرە
دوورکەونەوە، ئەمە ماڵی دێوێکی
ترسناکە منداڵ دەخوا». بەڵام ژنەکە
دڵی بۆیان سووتا و ویستی هاوکارییان
بکا، بۆیە بردیانی لە ژووری حەوت
کچەکەی دێوەکەدا شاردیانییەوە.


وردە پەنجە ترسا، بۆیە چوو
کڵاوەکانی برا‌کانی بە تاجەکانی
سەر کچانی دێوەکە گۆڕی.


کاتێ دێوەکە گەڕایەوە ماڵەوە، گوتی:
«بۆن دێ، بۆن دێ، بۆنی گۆشتی
خاو دێ». ئینجا یەکسەر خۆی کرد بە
ژووری کچەکانیدا و کە کڵاوەکانی دی
کڵاوی سەرەکانی لووش دا. ئیتر
کوڕەکان هەڵاتن و دێوەکە بە پێڵاوە
ئەفسووناوییەکەیەوە کەوتە دوایان.


دێوەکە گەلێک ماندوو بوو و خەو
بردییەوە. ئیتر وردەپەنجە بانگی
براکانی کرد: «وەرن. ئەگەر بتوانین
پێڵاوە ئەفسووناوییەکانی دێوەکە
بکەینە پێمان دەوڵەمەند دەبین». ئینجا
بە ئاسپایی لە دێوەکە نزیک کەوتەوە
و پێڵاوەکانی کردە پێی خۆی و
گەڕایەوە لای ژنی دێوەکە و پێی گوت:


«بە داخەوە، مێردەکەت کەوتە دەستی چەتەکانەوە. بۆیە پارەم بدەری بیبەم بۆیان
بۆ ئەوەی ئازادی بکەن». ژنەکەش پارەیەکی زۆری پێی دا و ئەمیش بە دەوڵەمەندی
گەڕایەوە لای دایک و باوکی و شادی باڵی بەسەر خێزانەکەیاندا کێشایەوە.

## چی دەزانی لەبارەی هەڵمەوە

ئازاد شەریف- کەرکووک



لە سووڕی ئاو لە ژینگەدا، ئاو بە هۆی بوون بە هەڵم دەگەڕێتەوە ئاسمان.
بەڵام زۆرترین هەڵم ئەو هەڵمەیە کە لە ئۆقیانووسەکانەوە بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە و ٨٠٪ی هەڵمی دنیا دروست دەکات.
ئەو هەڵمەی لە ناوچەکانی وشکانیدا دروست دەبێ، نیوەی لە رووبەری رووەکەکانەوەیە کە بە کردەوەی هەڵم دەردان Transpiration کە وەک ئارەقەکردنی مرۆڤە، دروستی دەکەن.
پێچەوانەی ئەم کردانەش کردەی چڕبوونەوەی هەڵمەکەیە بۆ دڵۆپە ئاو، وەک ئەوەی لە خوناو و باراندا ڕوو دەدا.



## پەڵە چۆن لادەچێ؟

بانوو شێرکۆ - کەرکووک

بێزارکەرترین شت ئەوەیە پەڵەیەک لەسەر بەرگە نوێیەکەت یان ئەو جلەی زۆر بەلاتەوە خۆشەویستە دەرکەوێ، لەوانەشە ئەگەر پەڵەکە لێ نەبێتەوە ئەو جلەت لەبەر چاو بکەوێ.
باشە چۆن هەندێ لەو پەڵانە لا دەدەین:
– ئەگەر پەڵەی حبری قەڵەم جاف بە جلەکانتانەوە هەبوو، دەتوانن بە بەکارهێنانی سپیرتۆ (ئەوەی بۆ پاککردنەوەی برین بەکار دێ) یان بە کۆلۆنیای لیمۆ لێی بکەنەوە، ئینجا بە ئاو و سابون بیشۆرن.
– پەڵەی چەوری، هەندێ ئاوی پاقلەی کوڵاوی بەسەردا بکە و داینێ با وشک ببێتەوە، دوایی بە دەست بیپرونێنە ئیتر چەورییەکە ای دەبێتەوە.
– پەڵەی مادەکانی جوانکاریی ژنان، دەتوانی پێش شوشتنی جلەکە کەمێ پاککەرەوەی جامی پێدا بکەیت و دواتر بە ئاو و سابون بیشۆری ئینجا بە فلچەی پاککردنەوەی ڕایەخ بەسەریدا وەرە و بە خاولی وشکی بکەوە.
– بۆ لێکردنەوەی جاجک (بنێشت) لە جلەکانت، چارچەیەک بەفر بەسەر پەڵەکەدا بساوە بۆ ئەوەی بنێشتەکە رەق ببێ ئینجا لێی بکەرەوە و بە فلچە شوێنەکەی پاک بکەرەوە.



## باینجان چەندنەخۆشییەک چارەسەر دەکات.

هاژە حەمید
شۆڕاو

تۆژینەوە پزیشکییەکان دەریانخستووە کە باینجان ڕۆڵی هەیە لە خۆپاراستن و چارەسەری نەخۆشیی ڕەقبوونی خوێنبەرەکان.
هەروەها باینجان هاوکارە لە کەمکردنەوەی قەڵەویدا و ڕێگرە لە بەردەم گواستنەوەی کۆلیسترۆل لە گەدەوە بۆ ناو خوێن و ڕێژەی چەوری نزم دەکاتەوە.
باینجان ڕێژەیەکی زۆری لەو مادانە تێدایە کە ڕێگرن لە تووشبوون بە شێرپەنجە، کە بە مادەی دژەئۆکساندن ناسراون.
ئەو ریشاڵانەی لە باینجاندا هەن هاوکارن بۆ کرداری هەرسکردن و دەردانی پاشماوە و، خواردنی باینجان بۆنی ئارەقە کەم دەکاتەوە و گەدە گرژ دەکاتەوە و هانی میزکردن دەدا و سەرئێشە دەبڕێ.



## تۆتالیتاریزم

یارە شالاو – تەقتەق

بەو ڕێژیمانە دەوترێت ئەم سیفەتانەی تیدا بێت: دەوڵەت چاودێریی هەموو کاروبارێکی ئابووری و کۆمەلایەتی بکات، دەسەلاتی سیاسی بەدەست کۆمەڵێکەوە بێت و هەموو شێوەکانی دیموکراسی ڕەت بکاتەوە، تەنانەت لەناو کۆمەڵەکە خۆیشیدا. تیرۆر و سەرکوتی هەر کەسێک، کە سەرپێچی لە فەرمانەکانی سەرۆکی دەوڵەت بکات. هەوڵدان تا هەموو کەس باوەڕ بەدەسەلاتی سەرکردایەتی بهێنێت. لەناوبردنی سەربەخۆیی تاکەکەسی، چاودێری کردنی گشت جۆرە چالاکییەکی ئەدەبی، هونەری. کۆکردنەوەی هەموو هێزی خەڵک لەپێناو ڕاژەی دەوڵەت و دەسەلاتدا. ڕێگە نەدان بەهیچ کۆڕ و کۆمەڵێک بیانەوێت بیروباوەڕی ئایدیۆلۆجیی خۆیان دەربڕن. باشترین نموونەش ڕێژیمی پێشووی عێراق و ستالین و هیتلەر و مۆسۆلینی و ... هتد.



## ئەهرامەکان

کارۆخ کارزان – سلێمانی

لە میسردا ئەهرامێکی زۆر هەیە بەڵام لە هەموویان گرینگتر ئەهرامەکانی جیزەیە ئەم ئەهرامانە بەهێز و بازووی سێ هەزار کەس و لە ماوەی ٣ ساڵدا بنیات نراون. گەورەترینیان، هەرەمی خۆفۆیە و کوڕەکەی «خەفرەع» خاوەن هەرەمە ناوەندییەکەیە و «مەنقەرەع»یش خاوەن هەرەمی سێیەمە، بەڵام سفانکس یا «ئەبولهۆل» بریتییە لە پەیکەرێکی گەورە کە سەر و ملی لەسەری مرۆڤ دەچێت و هەردوو شانی لە شانی شێر دەچن. ئەم پەیکەرە بە ڕەنگی سوور ڕەنگ کراوە و تا ئێستاش ماوە.

## نیشانەی هەڵە یان ڕاست لەم ڕستانەی خوارەوە بدە

عومەر حاجی – کەلار

– گەورەترین شاری کیشوەری ئەورووپا لەندەنە. ◯
– دوانزە دەوڵەتی عەرەبی کەوتوونەتە کیشوەری ئاسیاوە ◯
– عێراق یەکەمین وڵاتە بۆ بەرهەمهێنانی خورما. ◯
– بەچکەی کۆتر پاش یەک مانگ دەفرێت ◯
– باڵندەکان ساڵی جارێک پەڕەکانیان دەگۆڕن ◯
– لاوازترین هەست لای باڵندە بۆنکردنە ◯
– بۆ یەکەمین جار خەیار لە هیندستان دۆزرایەوە. ◯
– ئەختەبووت ٣ دڵی هەیە. ◯

# ژینگە هەڕەشە لە دارکونکەرە دەکا



شاخەوان کوێستانی - چۆمان

دارکونکەرە، باڵداریکە درێژییەکەی نزیکەی ٥٠ سانتیمەتر دەبێ و کێشی نزیکەی نیو کیلۆگرام دەبێ. ئەم باڵدارە زۆر بەتوانایە لە کونکردنی دار بەمەبەستی دۆزینەوەی ئەو کرمانەی لە ناو داردا هەن بۆ خواردنیان.
دارکونکەرە جگە لە خواردنی کرم و مێروو، میوە و بەڕوو و گوێز دەخوا.
بۆ دەرهێنانی کرم و مێروو لە ناو کونی دارەوە، دارکونکەرە زمانێکی درێژی هەیە کە نووکەکەی مادەیەکی لینجی پێوەیە (وەک کەتیرە) کە درێژی دەکاتە ناو کونەکانەوە ئەو مێروو و کرمانەی پێوە دەنووسێن.
دارکونکەرە لە دارستانەکاندا دەژی و بۆ پێوەندی کردن بە هاوڕێکانیەوە بە دەنووکی لە دار دەدا و دەنگێکی بەهێز دەردەکا.
گۆڕانکاری لە ژینگە و دەوروبەر هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ گیانی دارکونکەرە، بەتایبەتی کاتێ ڕەشەبای بەهێز هەڵ دەکا و بارانی زۆر دەبارێ. هەروەها وشکەساڵی لە هاویندا کاریگەریی زۆر خراپی بەسەر ژیانی دارکونکەرەوە هەیە، هەندێ زانایان پێیان وایە کە تێکچوونی ژینگە لەوانەیە دارکونکەرە بە یەکجاری لەناو ببات.

# ئاوی دەریاکان وشک ناکەن

ژیان محەمەد-تاسلووجە



ڕێژەی ئاو لە ڕووبار و چۆم و گۆمەکاندا، بە بەراوورد لەگەڵ ڕێژەی ئاوی دەریاکان، ئێجگار کەمە، هەر بۆیە زۆربەیان لە هاویندا لە ئەنجامی بەهەڵم بوون وشک دەکەن. بەڵام ڕێژەی بەهەڵمبوونی ئاوی دەریاکان هەرچەند زۆربێت ئەوا ئاوی باران و توانەوەی بەفری چیاکان قەرەبووی دەکەنەوە. هەروەها ئەو برەی ئاوی باران کە خۆڵ هەڵیدەمژێت ئەوا دووبارە لە ڕێگەی جۆگەلەکانەوە دەگاتەوە بە دەریاکان.
ئەو سووری ئاوە زۆر بەسوودە بۆ مرۆڤ چونکە باران ڕادەی شێ لە خاکدا دەپارێزێت ئەمەش بۆخۆی یارمەتیی گەشەسەندنی ڕووەک و بەرووبوومی کشتوکاڵ دەدات.
بەبێ بوونی سووڕی ئاو لە سروشتدا زۆر ئەستەمە ژیان بگوزەرێت.



# گیانلەبەران لە مرۆڤ هەستیارترن



هەندێک مێروو و ئاژەڵ هەن پێش مرۆڤ هەست بە ڕوودانی بوومەلەرزە دەکەن و هەریەک بە شێوازی تایبەتی خۆی هەست کردنەکە دەردەبڕێ، بۆ نموونە:
سەگ: دەست بە وەڕین دەکات و بە توندی پێیەکانی بە زەویدا دەکێشێ.
هەزار پێ: لە کونی خۆی دێتە دەرەوە و کەمێک لە دووری کونەکەی هاتوچۆ دەکا.
مشک و مار: لە کونەکانی خۆیان دێنە دەرەوە و بە کۆمەڵ لە شوێنی کونەکانیان دوور دەکەونەوە، ئەگەر بوومەلەرزەکە لە زستاندا بێت و ئەوان لە وەرزی متبووندا بن، هەمان کاردانەوەیان دەبێت و خۆیان دەخەنە بەر مەترسیی سەرما و سۆڵەی زستان و لە کونەکانیان دێنە دەرەوە و زۆر جار ئەم دەرچوونەیان دەبێتە هۆی گیان لەدەستدانیان.
ماسی: ماسییەکان لە کاتی هەست کردن بە نزیکبوونەوەی کارەساتی بوومەلەرزە، سەر ئاو دەکەون و بە هەڵسوکەوتی ناتاساییان، مرۆڤ ئاگەدار دەکەنەوە.

جاوان عەلی - هەولێر

# پێدڤی یە قوتابی خوارنا سپێدێ بخۆن

هێژا وەیسی / دهۆک



نەخوارنا تێشتا سپێدێ زیانێ ب بیردانک و هشا زاروکی دگەهینیت، هێزا فێربونێ کێم دکەت و توشی بێزاربونا بەردەوام دکەت.
ڤەکولەرێن زانستێ نوژدارێی دبێژن: خوارنا تێشتا سپێدێ رولەکێ گرنگ د پێشڤەچوونا ئاستێ فێربوونێ هەیە و داهێنان و بیردانکا زاروکی ب هێز دکەت، هەر ژبەر ڤێ چەندێ دەیک و باب دڤێت گرنگیەکا زێدە ب خوارنا سپێدەهیان بو زاروکان بدەن.
تێشتێ دڤێت زێدەتر پویتە پێ بێتە دان ژ هەر دانەکێ دی یێ خوارنێ.
نویترین گوڤارا ساخلەمیێ یا ئەمریکی بەلاڤ دکەت کۆ خوارنا سپێدێ گرنکترین دانێ خوارنا مروڤی یە د روژێ دا، تەنانەت بۆ ئینانە خوارا کێشێ دهێتە پێشنیازکرن کۆ رێژەیەکا گەلەک ژ زاروکان بێ خوارنا سپێدێ دچنە قوتابخانێ، یافەرە دەیک و باب ژ ڤێ بابەتێ ئاگەهداربن کۆ نان خوارنا سپێدێ تێردانکا زاروکی پێشڤە دبەت.

# مۆزەخانەی کوردەواری

بەفرین قادر – خۆمان

## کوڵەوژ

جاران تەنوور لە قوڕ دروست دەکرا و کاتێ کە نانیان پێ دەکرد، چیلکە و دار و درکیان تێ دەکرد و بە دارێکی درێژ ئاگرەکەی نێو تەنوورەکەیان تێک دەدا و بەو دارەیان دەگوت: کۆڵەوژ یاخود تەنوور شێوێن.

## شلکێنە

جۆرە خواردنێک لە کاهی ئێستە دەچێت هەویرەکەی ئەوەندە شل دەکرێتەوە بە جامێکی ئاو دەکرێتە سەر پشتی ساجەکە و دواتر دەبرژێ و ئینجا ڕۆن و شیرەی شەکری بەسەردا دەکەن و بە گەرمی دەیخۆن.

## بەفرەچاڵ

واتە چاڵەبەفر، چاڵێکە لە زستاندا بەقووڵی هەڵدەکەندرێت و لە سەرچیاکاندا بەفری بۆ دەهێندرێت لەپاش جوان کوتانەوە، لە چاڵەکە دەکرێت و پووش و پەلاش و هەژگی لەسەر دەنرێت.

لە وەرزی هاویندا سەرەکەی لادەبرێ و بەفرەکەی بەکاردەهێنرێ.

## تەرواڵە

واتە هەرزاڵە، پێکهاتووە لە کەپرێکی نزمی بچووک لەنێو ماڵدا کەرەسە و تفاقی لەسەر هەڵدەچنن بەڵام لە دەرەوە مەشکە و کوندەی لەسەر دادەنێن و پێی دەڵێن کونەڵان: تەرواڵە و کونەڵان هەر یەک شتن بەڵام لە سەنگەی شوێنەکانیانەوە نێوەکانیان دەگۆڕێت.



## داپیرم گێڕایەوە

# (ئەو کەسە کەسە، ئەلفێکی بەسە)

سابان جەبار–کەرکووک

خۆشەویستانی حاجیلە، ناوم (سابان)ە، دانیشتووی شاری کەرکووکم، بەنیازم لەم ژمارەیە بەدواوە و، لە ڕێی ئەم کۆوارە خۆشەویستەی هەموومان بیمە هاوڕێتان و لە هەر ژمارەیەکدا ئامۆژگارییەکی داپیرەمتان بۆ باس دەکەم، کە هەموو شەوێ بەتایبەتی شەوانی زستان بۆی دەگێڕامەوە، داپیرم هەرجارەو پەندێکی پێشینانی کوردیی بۆم شرۆڤە دەکرد، تاکو منیش پەندی لێ وەرگرم، خوازیارم ئێوەش سوودمەند بن لێی.

ئەو کەسە کەسە ئەلفێکی بەسە: مانای ئەم پەندە ئەوەیە، هەر کەسێ ژیر و دانا بێت، یەک جار هەڵە دەکات و، ئەو هەڵەیە دەبێتە پەند بۆی وجارێکی تر دووبارەی ناکاتەوە، بۆنموونە: گەر تۆ هاوڕێیەتیی قوتابییەکی خراپت کرد و، لە مۆنگەی ئەوەوە توشی کێشە و گرفت هاتی، پێویستە پەندی لێ وەربگری وجارێکی تر هاوڕێیەتیی ئەو کەسە نەکەیتەوە.





# کۆمپیوتەر

سارا دیس – سلێمانی

## بلوتوس
## Bluetooth



بلوتوس ، پارچەیەکی تری ئامێری کۆمپیوتەرە ، کە لە ڕێگەی شەپۆلی ڕادیۆیی کورت زانیاری و داتا دەگوازێتەوە بۆ مەودای سەد مەتر .

ئامێری بلوتوس پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە و ئێستا جگە لە ئامێری کۆمپیوتەر لە نێو ئامێری مۆبایلەکانیشدا هەیە و بەکاردێت .

# بۆچی تۆڕی جاڵجاڵۆکە خۆی ناگرێت

جەتۆ حەلال – کۆیە

جاڵجاڵۆکە زیندەوەرێکی زۆر سەیرە، لە هەموو وەرزێک و لە هەموو شوێنێکدا هەیە لە هەوا، لەنێو ئاو، لە وشکانی. قەبارەیان لە پنتێکی بچکۆلەوە هەیە تا دەگاتە ٢٠ سانتیمەتر. هەشت لاق و هەشت چاوی هەیە، جەستەی لە سێ بەش پێک هاتووە، سنگ و سک و سەر. ئەو دەزووەی بۆ دروستکردنی تۆڕەکەی بەکاری دێنێ شلەیەکی لە شێوەی پەتێکی باریکدا لە کونێکی بچووکەوە لە سەرەوەی سکی لە لوولەکەوە دەردەچێت. دوای ئەوەی هەوای بەردەکەوێت یەکسەر ڕەق دەبێت. ئەو دەزووانە بڕێکیان تەڕ و هەندێکیان لینجن بەمەش ئەو مێرووەی دەکەوێتە سەر تۆڕەکە ڕزگاری نابێت. بەڵام خۆی جۆرێک لە چەوری لە قاچەکانیدا هەیە یارمەتیی دەدات بە سانایی بێت و بچێت و جموجۆڵی خۆی بکات و تۆڕەکە نەیگرێت.

# هەنگ دوای پێوەدان دەمرێت

محەمەد یاسین – خورماڵ

هەنگ مێرووەیەکی کەڵک بەخشە جەستەی دەکرێتە سێ بەشەوە، سەر و سنگ و سک، لە سەری هەنگدا دوو پیشاڵی هەستەوەر و دوو چاوی گەورە و سێ تاکە چاو هەیە. لەگەڵ دوو شەویلاگەدا بۆ گەستن و زمانێک بۆ مژین و بەلەسە بوون. سنگی سێ جووت لاق و دوو جووت باڵی پێوەیە، هەموو جۆرەکانی هەنگ قاچەکانیان بۆ کۆکردنەوەی هەڵاڵە بەکار دێنن، بڕێکیشیان قاچەکانیان توورەکەی پێوەیە بۆ هەڵگرتنی هەڵاڵەکان.

زۆربەی هەنگە مێیەکانیش لەنێوان هەردوو دیواری سکیاندا دەرزییەک هەیە، پێوەدانی هەنگ بەدەگمەن مەترسیدارە واش باوە کە گوایە دوای پێوەدان خۆی دەمرێت. چونکە دەرزییەکانیان درکاوییە بۆیە دوای پێوەدان لەناو پێستی مرۆڤدا دەمێنێتەوە.

## پێبکەنە تا جوانتر بیت





### تەلەفزیۆن

جوان رەمەزان – دارەتوو

کابرایەک تەلەفزیۆنێک دەکرێ، لە خۆشیاندا تا بەیانی سەیری دەکات، بۆیە چاوی تاو دەکا ئەویش تەلەفزیۆنەکە دەباتەوە بۆ دوکانەکە و دەڵێت: کاکە ئامەوێ غازی هەیە.



### سەوزایی

جارێک گەنجێکی سودانی دەچێت بۆ ئەورووپا، دەبینێ وڵاتەکە هەمووی سەوزاییە ئەڵێ بریا حەیوان بام تا ئێستا هەموویم دەخوارد



### وێنە

ئەحمەد نەسرەدین – سەنگاو

جارێک کورێک لە کاتی وێنەگرتندا چاوی دەنوقێنێت. وێنەگرەکە دەڵێت چاو دامەخە، کورەکە لە وەڵامدا دەڵێت: ئاخر دەترسم لە کاتی شۆردنەوەیدا کەف بچێتە چاومەوە.



### مۆبایل

لە کابرایەکی گەمژە دەپرسن ئەری تۆ مۆبایلەکەت چ جۆرێکە نۆکیایە یان سامسۆنگە یان ئێل جی؟
ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: هیچیان نییە، ئەوەی من ئاسیایە.

## توانجێکی جوان بۆ ئەم وێنەیە بدۆزەوە

بەهرۆز سەلام – سلێمانی









هێلین .. کەرکووک

(ئالان نەجاح)تەمەنی شەش ساڵانە و پۆلی یەکەمی سەرەتاییە.
ئالان دەڵێ: من زۆر حەزم بە خوێندن و یاریکردنە بە تایبەتی یاریی دووگۆلی
هەروەها حەز لە وێنەکێشانیش دەکەم.
نمرەکانی باشە. بەڵام زۆر نا، چونکە هەر ئەم ساڵ دووجار نەشتەرگەریم بۆ کراوە، جارێکیان قورگ و لووتم و جارێکیش یاریم دەکرد دەرزی چوو بە پێمدا و ماوەیەکی زۆر لە پێم مایەوە ئیتر دکتۆر نەشتەرگەریی بۆم کرد لەبەر ئەوە بۆ ماوەیەک تا چاک بوومەوە لە قوتابخانە دوور کەوتمەوە، بەڵام ئێستا دووبارە دەخوێنم.
ئالان حەز دەکات لە دوارۆژدا ببێت بە دکتۆر تاوەکو چارەسەری نەخۆش بکات.
ئالان دەڵێ: هەموو ژمارەیەک گۆڤاری حاجیلە دەکرم و زۆر حەزم بە وێنەکانیەتی.



نسێ - کەرکووک

(هاوناز سەعدوڵا)، لە قوتابخانەم لە پۆلی پێنج پرسیمان ئارەزووی چییە؟
گوتی: ئارەزووم ئەوەیە ببم بە باشترین پیانۆ ژەن هەروەها گوتی زۆر حەزم بە خوێندەوەی گۆڤار و چیرۆکە
ئایا گۆڤاری حاجیلە دەخوێنیتەوە؟
بەڵێ هەموو ژمارەکانیم هەیە، چاوەرێ دەکەم تا ژمارەیەکی نوێی دەردەچێ و دەیکرم. بەڵام خۆزگە زوو زوو دەرچوایە.
هاوناز چۆنە لەگەڵ وەرزشکردن؟
زۆر حەزم بە وەرزش کردن نییە، چونکە وەرزشکردن شوێنی تایبەتی خۆی هەیە، لەماڵەوە نابێت و لە کەرکووکیش شوێن نییە بۆ منداڵان تا وەرزشی لێ بکەین.

## حەز دەکەم قوتابخانەکانی کوردستان پێشکەوتوو بن



کانی - ئوسترالیا

**ناو** : لیزان شوان سەراج
**تەمەن** : ١٤ ساڵ
**قوتابخانە** : Hurstone High school
لە شاری (لیڤەرپوول) ئوسترالیا
**پۆل** : ٩
**ئارەزوو و حولیا** : کۆمپیوتەر و یاریکردن و پیاسە لەگەڵ برادەرانم. لە قوتابخانەکەمان مەڕ و ماڵات هەیە و کێڵگەی نەمام هەیە ، و حەز دەکەم قوتابخانەکانی کوردستان پێشکەوتووبن و شارەکەمان کەرکووک خۆش بێ چونکە ساڵی پار هاتمەوە و سەیرم کرد لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە زۆر باش نەبوو. سوپاس بۆ حاجیلە و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.



# کلکدارەکان چین؟

گزنگ - کەرکووک

کلکدارەکان لە ژمارەیەکی ئێجگار زۆری کەڤر و گەردیلەی کەڵەکەبوو و گازی مەیبو و بەفر پێکدێن. کاتێک دەگەنە نێو بواری کۆمەڵەی خۆرەوە، کێش دەکرێن و لە خولگەی دیاریکراودا بە دەوری خۆردا دەسوڕێنەوە، و خێرایی سووڕانەوەیان نزیکە لە خێرایی سووڕانەوەی هەسارەکان بە دەوری خۆردا.

بەناوبانگترین کلکدار، کلکداری (هالی)یە، کە لە ٧٦ ساڵ جارێک خولێک بە دەوری خۆردا تەواو دەکات و دواجار لە ساڵی ١٩٨٦ لە ئاسماندا بینراوە، و تا ساڵی ٢٠٦٢ نابینرێتەوە.

کاتێک ئەو کلکدارە لە خولگەی خۆیدا لە خۆر نزیک دەکەوێتەوە، بەشێکی زۆری ئەو بەفرەی دەتوێتەوە، بەشە دوورەکەشی بە شێوەی کلک دەردەکەوێ و لە دووریی دەیان ملیۆن کیلۆمەترەوە دەبینرێ.



## چڵە نێرگزەکەی ژمارە ٩ی حاجیلە لە بنەسڵاوە دۆزرایەوە

هاورێمان ئەستێرە محەمەد نوری، پۆلی چوارەمی قوتابخانەی رۆژەی بنەرەتییە لە ناحیەی (بنەسڵاوە) دۆزیبیەوە و حاجیلەی لێ ئاگەدار کردەوە. ئێمە وێرای دەستخۆشی و پیرۆزبایی، ژمارەکانی ساڵێکی گۆوارەکەی بۆ دەنێرین لەگەڵ رێز و خۆشەویستیمان





بەهرە جبار - سلێمانی

# سۆپەرمان



دوای ئەوەی پاشای وڵات ناتوانێت قەناعەت بە ئەنجوومەنی وڵاتەکە بکات لە هەسارەی کریپتۆن ، کە هەسارەکەیان بەرەوە نەمان دەچێت .

پاشا کۆرپەکەی خۆی دەنێرێت بەرەو گۆی زەوی و لە لای پیرەمێردێک و خێزانەکەی گەورە دەبێت و بەو هێز و توانایە بێ سنوورەی کە هەیەتی ، دەبێتە دوژمنێکی سەرسەختی هێزی تاریکی و ستەمکاری .

چیرۆکی سۆپەرمان لە چیرۆکی وێنەدار وەرگیراوە و لە ساڵی ١٩٧٨ بۆ یەکەم جار کراوە بە فیلم و چەندین فیلمی بەدوای خۆیدا هێناوە .

سۆپەرمان ، هێمایەکە بۆ مرۆڤی دادپەروەری و مرۆڤ دۆست ، کە هەردەم لە هاوکاریی مرۆڤایەتی و پاراستنی گۆی زەوییە .



## هاوڕێی چاک

خالید عەبدل - چەمچەماڵ



سیروان قوتابییەکی زیرەکی ڕووخۆشی پاک و خاوێـن و گورج و گۆل بوو، چەنـد ڕۆژێک بوو ماڵیان لە گەڕەکی ئاشـتییەوە بۆ گەڕەکی ڕزگاری باری کرد بوو، لە قوتابخانە نوێیەکەی ئەو گەڕەکەدا لە حەوشەی قوتابخانەکەدا بەتەنیا دەگەڕا، بیری لە پەیداکردنی هاورێیەک دەکردەوە.

لـەو بیرکردنەوەیـەدا بـوو، قوتابییەکـی ڕەشـتاڵەی لـەڕ و لاوازی بینـی، لەگـەڵ هاورێکانیـدا زۆر بە نەرم و نیانی دەدوێت و گەلێک ڕووخۆشە، هەر بۆیە کەوتە چاودێری کردنی، لە ژووری پۆلدا قوتابییەکی بینی داوای خەتکوژێنەوەی لێ کرد. بینیی بە خەندەوە گوتی:

- بەسەرچاو.

کاتـێ کە بەرەو ماڵیـش چوونەوە، بینیی وا دەسـتی کابرایەکی پیری گرتووە و بە هێمنی لە شـەقامەکە دەیپەڕێنێتەوە. لەوبەریشەوە چاودێری کرد هەتا ئاماژە سەوزەکەی هاتوچۆ هەڵ بوو، ئینجا پەڕییەوە.

سیروان کە ئەو دیمەنانەی لەو قوتابییە بینی بەخۆی گوت:

- ئەو کەسە باشترین هاورێیە بۆ من، بۆ ڕۆژی دوایی سیروان ناوی قوتابییەکەی لە قووتابییەک پرسی؟ ئەویش گوتی:

- ناوی سـەرکۆیە.

سـیروان چووە لای و خۆی پێ ناساند و داوای لێ کرد، کە ببنە هاورێی یەکتری. سەرکۆ بە ڕوویەکی خۆشـەوە داواکەی سیروانی قبووڵ کرد.

## حەوت جاران بێ وەستان ئەم ڕستەیە بڵێرەوە



### قالـە قەڵـەو لـە قـالاوە قەیتانی قۆندەرەکەی قرتا

محەمەد عەبدولسەمەد - کەرکووک



## پەتاتە

شەمزین ئەسوەد - دووزخورماتوو



نیشتمانی ئەم ڕووەکە ناوچەکانی ئەمەریکای باشوورە وەک بۆلیڤیا و چیلی و پیرۆ. لە ناوەڕاسـتی سـەدەی شازدەیەمدا گەڕیدە ئیسپانییەکان ئەم ڕووەکەیان هێناوەتە ئەورووپا.

ئەو بەشـەی لەم ڕووەکە دەخورێ لەسـەر ڕەگەکانی دروست دەبێ بە شێوەی سەلک.

ڕووەکەکـە لە خێزانی ڕووەکـە باینجانییەکانە وەک تەماتە و بیبەر و باینجان و شـێوەی گەڵاکانی بە گەڵای تەماتە دەچێ.

خواردنێکی زۆر باوە لە هەموو شـوێنێکی جیهاندا و سـەلکە پەتاتە لە سەدا ٨٠ی ئاوە و لە سـەدا ٢٠ مادەی ڕەقە کە بریتییە لە نیشاستە و پرۆتین و چەندان ڤیتامین و کانزاکانی وەک کالسیۆم و ئاسن و مەگنیسیۆم و فسفۆر و پۆتاسیۆم و سۆدیۆم و گۆگرد.

چین لە پێشـەوەی وڵاتانی بەرهەمهێنی پەتاتەوەیە و بەدوای ئەودا ڕووسـیا دێت، ئینجا هیندستان و ئەمەریکا و پۆڵەندا و ئۆکرانیا و ئەڵمانیا دێن.

## سلق

حەسەن حسێن - کەرکووک



سـلْق یان زلْق بە ئینگلیـزی پێی دەگوترێ ، یەکێکە لە جۆرەکانی سـەوزە. کە گەڵاکەی دەخـورێ و هەندێ جاریـش ڕەگەکەی دەخورێ.

سلق دەوڵەمەندە بە چەندان کانزای گرینگ بۆ لەش و ڤیتامینەکانی بی و سی و ترشی فۆلیک.

ئـەم جۆرە سـەوزەیە وەک خۆراک لـە زۆربەی وڵاتانـی ناوچەی دەریای ناوەڕاسـتدا بەکار دێ و گەڵاکانی کە سەوزێکی تێر و گەشن، بە سـاوایی یان دوای پێگەیشـتن دەخورێن و بەزۆری وەک چێشت لێ دەنـرێ و هەندێ خەلک لە زەلاتەدا بـەکاری دێنن، لە وڵاتی ئێمەشدا بۆ دۆلمە و سلقاو بەزۆری بەکار دێ.



## سوودەکانی چا

دیار کاوێس - پردێ

گەڵای سەوز و وشـکی چا، کۆمەڵێک ڤیتامینی پێویسـتی تێدایە، گرینگترینیان ڤیتامین (B١ و B٢ و ٨ن کە بۆ بەهێزکردنی بینایی و پێسـت بەسـوودن، هەروەها ڤیتامینK ) ، بەشی تێدایە کە زۆر پێویسـتە بۆ مەیینی خوێن.

لێکۆڵینەوە زانسـتییەکان دەریانخسـتووە، کە هەرکەسـێ ڕۆژانە پێنج کووپ چا بخواتەوە ١٠٪ی ڤیتامینە پێویستەکانی دەست دەکەوێت. هەروەها وریاکەرەوەیەکی باشیشە .

# جوگرافیای وڵاتان

۱۱

## ئەفغانستان



ڕۆمسا کەرکووکی
کەرکووک




**ناوی وڵات** : کۆماری ئەفغانستانی دیموکرات.

**پێگەی جوگرافیایی** : دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوی کیشوەری ئاسیا، تاجیکستان و ئۆزبەکستان و تورکمانستان دەوکەونە لای باکوری، لای باکوری ڕۆژهەڵاتیشی وڵاتی چینە، ئێرانیش دەکەوێتە لای ڕۆژئاوی و پاکستان سنووری باشوور و ڕۆژهەڵاتی پێکهێناوە.

**ڕووبەر** : ٦٥٢ هەزار و ٩٠ کیلۆمەتری دووجا.

**ژمارەی دانیشتووان** : ٢٧ ملیۆن و ٢٠٠ هەزار کەس.

**چڕی دانیشتووان** : ٤٢,٤ کەس لە کیلۆمەترێکی دوو جادا.

**پێکهاتەی ئاینی** : ٩٩٪ موسڵمان و ١٪ ئاینی تر.

**پایتەخت** : کابوول (کە ٢ ملیۆن و ٢٩ هەزار کەسی تێدا دەژی).

**گرینگترین شارەکانی** : قەندەهار، هەرات، جەلال ئاباد، مەزاری شەریف.

**جۆری حوکمڕانی** : کۆماریی ئیسلامی بە سیستمی سەرۆکایەتی.

**دراو** : ئەفغانی.

**زمان** : داریە و پاشتۆ.

**گرینگترین هەناردەکانی**: میوەی وشککراو، ڕیەخ، خوری، پێست، لۆکە، ئاژەڵی زیندوو.

**گرینگترین هاوردەکانی**: کەرەستەی پیشەسازی، هۆکارەکانی گواستنەوە، دانەوێڵە، شەکر، نووتن.

**کات** : گرینتچ + ٤ سعات و ٣٠ خولەک.

**مێژووی بەئەندامبوون لەنەتەوەیەکگرتووەکان** ١٩٤٦











Manchester united football club

# یانەی مانچستەر یونایتد بۆ تۆپی پێ

عاسی ڕەشید - شۆڕیجە

یانەی مانچستەر یونایتد یانەیەکی ئینگلیزییە و تەنیا بۆ تۆپی پێیە. ئەم یانەیە ساڵی ١٨٧٨ دامەزراوە و پێشتر ناوی (نیوتن هیلس) بوو. یاریگەکەشی یاریگەی (ئۆلد ترافۆرد)ە.

مانچستەر یونایتد یەکێکە لە بەناوبانگترین یانەکانی دنیا و نزیکەی ٣٣٠ ملیۆن هاندەری لە سەرتاسەری دنیادا هەیە.

مانچستەر یونایتد یەکەمین پاڵەوانێتی ئەورووپایی ساڵی ١٩٦٨ بەدەست هێنا. ژمارەی پێوانەیی هەیە لە بەدەستهێنانی پاڵەوانێتی جامی ئینگلتەرا کە ١١ جار بەدەستی هێناوە. هەروەها ئەم یانەیە گرانبایترین یانەی جیهانە و یەکێکە لە ١٤ بەهێزترین یانەی دنیا.

ئەم یانەیە بە (شەیتانە سوورەکان) ناسراوە و خاوەنەکەی (مالکۆلم گلەیزەر)ە و ڕاهێنەرەکەی ئێستا (سێر ئەلیکس فێرگسن)ە و لەسەر ئاستی ناوخۆیی لە خولی نایابی ئینگلیز یاری دەکا.

## بەیسبۆڵ baseball

فەتاح فاتیح – کەرکووک



بەیسبۆڵ کە واتاکەی (تۆپی بنکەیە) یارییەکی ناسراوە لە ئەمەریکا. تێیدا دوو تیم بەشداری دەکەن، هەر یەکێکیان بەلای کەمەوە بە ٩ یاریزان. یارییەکە لە ٩ گێم پێک دێت و کاتەکەی دیاری نەکراوە.

یاریگەکە ٤ بنکەی تێدایە کە دەبێ یاریزانان لە نێوانیاندا ڕاکەن و خاڵ تۆمار بکەن بەمەرجێ لە کاتی ڕاکردندا پێ لە بنکەکان بنێن. یەکێ لە تیمەکان بە دارەدەستێکی تایبەت لە تۆپەکە دەدا و ئەوەی تر تۆپەکە تێدەگرێ. یاریزانانی ئەو تیمەی تۆپەکە تێدەگرێ لە ناو یاریگەکەدا بڵاوە دەکەن و هەوڵ دەدەن بە زووترین ماوە تۆپەکە بگێڕنەوە بۆ ئەوەی ئەو یاریزانەی لە تۆپەکە دەدا نەتوانێ بگاتە بنکەیەکی تر.

ئەگەر ٣ جار لەسەر یەک تۆپەکە بگەڕێتەوە بۆ یاریزانی داربەدەست ئەوە لە تێگرتنی چوارەم داربەدەستەکە لەو بنکەیە نامێنێ و دەچێتە بنکەیەکی تر و یاریزانێکی تر جێی دەگرێتەوە. هەروەها ئەگەر داربەدەستەکە لە تۆپەکەی دا و یاریزانی تیمەکەی تر تۆپەکەی گرتەوە ئەوە دەردەچێ و یاریزانێکی تر جێی دەگرێتەوە بە دەرچوونی ٣ یاریزانیش گێمێک تەواو دەبێ.

ئەگەر داربەدەستەکە لە تۆپەکەی دا و تۆپەکە گەیشتە سەر زەوی ئەو ڕا دەکا بۆ ئەوەی زۆرترین ژمارەی بنکەکان تێپەڕێنێ پێش ئەوەی تیمەکەی تر تۆپەکەی بۆ تێبگرنەوە. ئەگەر تۆپەکەش چووە دەرەوەی یاریگە ئەوە یاریزانەکە ڕا دەکا و ئەگەر توانیی پێش هێنانەوەی تۆپەکە بەسەر هەموو بنکەکاندا تێپەڕێ و بگەڕێتەوە شوێنی خۆی ئەوە خاڵێک تۆمار دەکا.

تیمی براوە ئەو تیمەیە کە زۆرترین خاڵ لە ٩ گێمەکەدا تۆمار دەکا.

# قوتابیـان چۆن خۆیان ئامـادە دەکەن بۆ تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ؟

ڕیپۆرتاژ: هەڵە پۆل



(هاوژین داخل) تەمەن یانزە سـاڵ پۆلی پێنجی سـەرەتاییە و بـە حاجیلەی گوت: من لە ئێستاوە خشـتـەم کردووە بۆ وانەکانم و هەموو وانەکان پێداچوونەوەی بۆ دەکەم، و دوو ڕۆژجارێـک کتێبێک تەواو دەکەم تا بـەو جۆرە هەموو وانەکان دەخوێنم ئینجا کاتی تاقیکردنەوەکانیش من هیچ ناترسـم چونکە بەجوانی خـۆم بۆ ئامادە کردوون، تاوەکو بتوانم نمرەیەکی باش بهێنمەوە لە کۆتاییدا و ئەو خوێندنەی ئەم سـاڵم بە فیڕۆ نەڕوات، پێشم باشە هەموو قوتابییەک پێش تاقیکردنەوەکان خشتەیەک بۆخۆی دابنێت بۆ خوێندن.



چووینە لای قوتابی (سکالا) ئەو بەم جۆرە بۆمان دووا: من ناتوانم لە ئێستاوە بخوێنم و خـۆم ئامـادە بکەم بـۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی سـاڵ، چونکە هەر وانەیەک پێشـتر بخوێنم دوایی لە بیرم دەچێتەوە، بۆیە پێم باشـە هەر ئەو کاتە بخوێنم کە بڵێن بەیانی تاقیکردنەوەیـە، من ڕۆژێک پێشـتر دەخوێنم و بۆ بەیانیش زوو لەخەو هەڵدەسـتم و دووبـارە بە وانەکەدا دەچمەوە بـۆ ئەوەی لە بیرم نەچێتەوە، ئینجا هەڵدەسـتم خۆم دەگۆڕم و دەچم بۆ قوتابخانەکەم بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی سـاڵ و لەوێ هەوڵ دەدەم بەهێمنی و لەسەرخۆ وەڵام بدەمـەوە بۆ ئەوەی وانەکەم بیر نەچێتەوە.



چووینە لای قوتابییەکی تر ناوی (پەرژین ئەحمەد)ە، ئەو دەڵێ: هەر کاتی تاقیکردنەوەی کۆتایی سـاڵ بێت ئیتر من بەردەوام دەخوێنم و ئەو ماوەیە واز لە یاریکردن و چوونە دەرەوە دەهێنـم و دایک و باوکم ناهێڵن بچمـە دەرەوە لەگەڵ برادەرەکانم یاری بکەم، دەڵێـن دەبێ هەر بخوێنی بۆ ئەوەی لـە تاقیکردنەوەکاندا دەربچیت، لێرەوە بە هەموو قوتابییـەک دەڵێـم کە ئەم ماوەیە واز لـە یاریکردن بهێنن و تـەنهـا بخوێنن بۆ ئەوەی خوێندنی ساڵێکمان بە فیڕۆ نەڕوات.

زۆر لە هاوڕێکانم کۆڤاری حاجیلەیان هەیە و ڕۆژانە چیرۆکەکانی دەخوێننەوە هیوادارم ئەم ماوەیە کاتی تاقیکردنەوەی کۆتایی سـاڵە واز لـە خوێندەوەی هەموو گۆڤارەکان بهێنن بۆ ئەوەی لە تاقیکردنەوەکان سـەرکەوتوو بن، لەدوای ئەوە لە پشووی هاوینـدا دەست بکەنەوە بە یاریکرد و گۆڤار خوێندنەوەو چوونە دەرەوە.



(ڕۆژگار نەوزاد) تەمەن حەوت سـاڵە و پۆلی دووی سـەرەتاییە ئـەو دەڵێ: من زۆر زیرەکـم لـە قوتابخانەکەم و هەموو سـاڵێک بەیەکەم دەردەچم و هیـچ لە قوتابخانە ناترسـم و لە تاقیکردنەوەش ناترسـم بەڵام هاوڕێیەکم هەیە هەر کاتی تاقیکردنەوەی سەر سـاڵ بێت ئیتر ئەو نەخۆش دەکەوێت و دەترسێ، بەڵام من هیچ ناترسم، چونکە دایک و باوکم زۆر بەجوانی دەرسم پێ دەڵێن و فێرم دەکەن، لە قوتابخانەش لە ناو پۆل لەگەڵ هاوڕێکانم قسـە ناکەم هەر گوێ لە مامۆستاکەم دەگرم بۆ ئەوەی زیرەک بم و لە کۆتاییدا سەرکەوتووبم، تاوەکو قوتابخانەم تەواو کرد ببم بە پزیشک و چارەسەری نەخۆشەکان بکەم.



من ناوم (هۆزان جەعفەر)ە و پۆلی پێنجی سـەرەتاییم و لە قوتابخانەی چرام، هەر لە سـەرەتای سـاڵەوە وانەکان بەجوانی دەخوێنم و ئەو وانانەی کە ڕۆژانە مامۆستاکەم دەماننداتـێ هـەر کە لە قوتابخانە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە یەکسـەر دادەنیشـم و لەبەری دەکەم بۆ ئەوەی لە کۆتایی ساڵ و لەکاتی تاقیکردنەوەکاندا زۆر ماندوو نەبم پێیانەوەو بەجوانی وەڵام بدەمەوە، پێم باشە هەموو قوتابییەک ئەو وانەیەی کە ڕۆژانە مامۆستا دەماننداتێ یەکسـەر کە چووینە ماڵەوە لەبەری بکەن ئیتر لەکاتی تاقیکردەوەی سەری ساڵدا کەڵەکە نابێت لەسـەرمان و لەکاتی هەر تاقیکردنەوەیەکدا یەک جار بە وانەکەدا بچینەوە هەمووی دێتەوە بیرمان و بەجوانی وەڵام دەدەینەوە ودەردەچین.



(سـازان جەعفەر) خوشـکی هۆزان جەعفەرە و تەمەن یانزە سـاڵە، ئەو گوتی: من و خوشکەکەم بەردەوام لە قوتابخانە و ماڵەوەش پێکەوەین و دەخوێنین بۆ ئەوەی لە دوا ڕۆژدا پلەیەکی بەرز بەدەست بهێنین. ئێمە لەماڵەوە زۆر یارمەتیی یەکتر دەدەین ئەگەر من شـتێک نەزانم ئەوا پرسـیار لە خوشکەکەم دەکەم و ئەگەر ئەویش شتێک نەزانی بە من دەڵێ. ئێمە لە کاتی تاقیکردنەوەی سـەری سـاڵدا لە ماڵـەوە هەر یەکەمان دەچینە ژوورێک و دەخوێنین ئینجا دوای خوێندن دەچینە لای یەکتر و پرسیار لە یەک دەکەین لـە بارەی وانەکەمانەوە بۆ ئەوەی بزانین بەجوانی لەبەرمانە یان نا، پێم باشـە هەموو قوتابییەک دوای خوێندنی خۆی لە ماڵەوە کتێبەکە بیات بۆ برایەکی یان خوشـکێکی لە خۆی گەورەتر وانەکـەی باش لەبەر کردووە یان نا بۆ ئەوەی باش خۆی ئامادە بکات بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ.

# هێمن و ساکار

سیناریۆ و نیگار : نەجات عەبدوڵلا - ڕەحیماوە






# مانای ناوی مانگەکانی ساڵ

شێرزاد سەعید - بردی



بابلییەکان پێش ســریانییەکان ناوی زۆربەی مانگەکانی ساڵیان بەکارهێناوە و ئەوانەی ئێستا بەکاردەهێنرێن ناوە سریانییە بە عارەبکراوەکانن و لە کانوونی دووەمەوە دەست پێدەکەن و لە کانوونی یەکەم کۆتاییان دێت. ناوەکانیش وابەستەی کەشە ئاینی و خواوەندەکان و وەرزی کشتوکاڵ و کەشوهەوا بوونە. ئەمانەش ماناکانیانن:

کانوون: واتە ئاگردان، لە هەردوو مانگی کانوونی یەکەم و دووەمدا کەشـــوهەوا ســـاردە و خەڵک ئاگردان بۆ خۆگەرم کردنەوە ئاگر دەدا.

شـــوبات: بە زمانی ســـریانی مانای لێدانە بە شوورک، ئەویش لە بای ســـاردی ئەو مانگەوە هاتووە، کە وەکو شوورکێک بەر ڕووی مرۆڤ دەکەوێت، لە شرۆڤەی نەخش و نیگاری بابلییەکانیشەوە بە مانای زریان و با و بۆران هاتووە.

ئادار: لە زمانی ســـریانیدا ئادار ڕۆشـــنایی و بریســـکانەوەیە، چونکە ســـەرەتای بەهار و هەورە تریشـــقە و برووسکەیە.

نیسان: سەوزایی و ڕووەکی خۆڕسک دەگرێتەوە، لە زمانی سریانیدا.

ئایار: پشکووتنی گوڵ و گوڵزار دەگەیەنێ.

حوزەیران: زاراوەیەکی سریانییە و مانای خونچە یان گەنم یان دروێنە دەبەخشێ.

تەممووز: زاراوەیەکی ســریانییە و لە بنەڕەتدا (بابلی–سۆمەری)یە، واتە کوڕی ژیان، یان نۆبەرەی (دوموزی) و ناوی ئەو خواوەندەیە، کە لە دوای مردن ژیان ودبەر زیندوەراندا دێنێتەوە.

ئاب: زاراوەکە بابلی (ئابوو)ە. واتە میوە و گژوگیا. بە سریانیش واتە وەرزی خورمای گەییو.

ئەیلوول: واتە وەڕین، مانگی پارانەوەشە لە خواوەندی تەممووز.

تشـــرین: لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی (بابلی–ســامی)یە. واتا دەسپێک، ئەویش ئاماژەیەکە بۆ دەست پێکردنی ساڵی ســـریانی و تێیدا جووت و تۆ دەکرێت. ساڵی سریانی بە مانگی تشـــرینی یەکەم دەست پێدەکات و بە ئەیلوول کۆتایی دێ.



جوان ســـەرنجی ئەم وێنەیە بـــدە و چیرۆکێکی لە بارەوە بنووسە .
ئەگەر شـــیا ، لە گەڵ وێنەی خۆتدا بۆتی بلاودەکەینەوە .



## خەوتن لەسەر لای ڕاست باشترە

عوسمان کریم - عەسکەر

شێوەی درێژبوون لە کاتی نووستندا کاریگەریی هەیە بەسەر جۆری خەودا، زانایان ئامۆژگاریمان دەکەن لەسەر لای ڕاستمان بخەوین چونکە لەش بەو شێوەیە زیاتر دەحەسێتەوە و خەویش قووڵتر و خۆشتر و ئاسوودەتر دەبێ. زانایان دەڵێن ئەگەر مرۆڤ لەسەر سک درێژ بێ لە کاتی نووستندا، ئەوا پشووی تەنگ دەبێ بەهۆی قورسایی ئێسکەکانی پشتییەوە، هەناسەدانیش لە کاتی درێژبوون لەسەر سک دڵ ماندوو دەکا.

هەروەها خەوتن لەسەر لای چەپیش دەبێتە مایەی ماندووبوونی دڵ. چونکە قورسایی سیی ڕاست، کە لە سیی چەپ قورسترە، دەکەوێت بەسەر دڵدا.

بۆیە زانایان ئامۆژگاریمان دەکەن لەسەر لای ڕاست بخەوین، چونکە قورسایی کەمتر دەکەوێتە سەر دڵمان و، هەروەها جگەریش کە لە لای ڕاستە بە هەڵواسراوی ناوەستێ و لە شوێنی خۆی دەگیرسێتەوە.

## ڕیشاڵەکان

میدیا کەمال - سۆران

پزیشکەکان ئامۆژگاری و ڕێنوێنیمان دەکەن کە هەمیشە خواردنە پڕ لە ڕیشاڵەکان بخۆین لەبەر ئەوەی پاشماوەی خۆراکەکان لە ڕیخۆڵە نەستوورە پاڵ پێوە دەنێن بۆ دەرەوە و مرۆڤ لە قەبزی و نەگەری تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ و نەخۆشییەکانی قۆڵۆن دوور دەخەنەوە. بۆیە زۆر باشە توێکڵی دەرەوەی سێو و قۆخ و گێزەر بخۆین چون پڕن لە ڕیشاڵ.



## ئاوی سپی

سیڤەر یوسف - لەیلان

ئەم نەخۆشییە بریتییە لە سپی بوون و لێڵبوونی هاوێنەی چاو، کە خۆی ڕوون و شووشەییە و بەئاسانی تیشکەکانی پێدا تێپەڕ دەبێت. لە ئاوی سپیدا تیشک و وێنەکان بەشێواوی و لێڵی دەکەونە سەر تۆڕی چاو، گەر زۆر بێت، ئەوا نەخۆشەکە بەو چاوەی تەنیا هەست بەڕووناکی دەکات. هۆکانی زۆرن، وەک نەخۆشییە زگماکییەکان، بریندار بوونی چاو، بەساڵاچوون و نەخۆشیی تری وەکو شەکرە...

بۆ چارەسەری بەنەشتەرگەری هاوێنە لادەبرێت و جێگەی دەگیرێتەوە بەهاوێنەیەکی دەستکرد، کە لە ناو چاوەکەدا دەچێنرێت، یاخود بەهۆی چاویلکەوە





# پشووی حاجیلە

کوردستان محەمەد - ئازادی



## هەڵێبینە

- قازیی بێ چاو
- کاچوو، مادانی
- بی تەڕ تاڵە
- کە ڕۆی ناگەڕێتەوە
- ئەگەر بەکارت هێنا دەگریێ



## ئایا دەزانی

- هایدرۆجین سووکترین گازە لە سروشتدا
- کووبا زۆرترین شەکر لە جیهاندا بەرهەم دەهێنێت.
- پیلیی ئۆتۆمبیل ترشی کبریتیکی تێدەکرێ.
- کرمی زەوی چاوی نییە
- بۆ یەکەمین جار دەسڕی کلینیس لە ساڵی ١٩٢٤ لە سوید دروست کرا.

## پەندی بەرینان



بەم وشەگەلە ئەم پەندانەی خوارەوە تەواو بکە

**دز، پووش، مار، بەهار، دەروێش**

- بەدەستی خەڵک...... دەگری
- تا دەڵێ...... هاوین دێت
- خێر بە خوێش نەک بە ......
- ......... بازاڕی شێواوی دەوێت
- سەری دنیا بە......نەگیراوە.

سمکۆ کەریم – پردێ

## وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە

شەمشەمە کوێرە ساڵی چەند جار بەچکە دەکات؟
- یەک جار.
- دوو جار.
- سێ جار.

بە ئەرجەنتین دەگوترێت
- زەویی زیوین.
- زەویی زێرین.
- زەویی ئاسنین.

شاری مەزار شەریف لە چ وڵاتێکدایە؟
- پاکستان.
- ئەففانستان.
- تورکمانستان.

بچووکترین کیشوەر لە جیهاندا:
- ئوستراليا.
- ئەمەریکا.
- ئەفریقیا.

بۆ یەکەمین جار لە چ وڵاتێک تەلەفزیۆن بینرا؟
- بەریتانیا.
- ئەمەریکا.
- فەرەنسا.

## بمڕەنگێنە

لەرین – سلێمانی



## جۆرەکانی درۆ

چاوان جێلەر – داقووق

| | |
|---|---|
| درۆی بازرگان | بۆ شت فرۆشتن |
| درۆی قەرزار | بۆ خۆرزگارکردنە لە قەرزدەرەکە |
| درۆی پارێزەر | بۆ بەرگریکردنە |
| درۆی دەلال | بۆ پارەوەرگرتنە |
| درۆی شاعیر | بۆ خۆشەویستیی کەل و نیشتمانە |
| درۆی پزیشک | بۆ دڵدانەوە و دڵنەواییی نەخۆشە |

بەڵام درۆی ای نیسان بۆ------



## قۆناخ بە قۆناخ وێنە بکێشە

نەجات عەبدوڵڵا
کەرکووک




## چاوتیژی



جوان لەم وێنەیە وردبەرەوە و بزانە ئەم شێوە تەندازەییە وێنەی سێگۆشەیەکی سپییە لەسەر ٣ بازنە ڕەشە تەدا دانراوە، یان وێنەی ٣ بازنەی کە لەکە لە ئاستێکی دیاریکراودا دانراون؟ چی دەبینی؟

شیلان بەکر – ڕەحیماوە

## داهێنەرەکان

سامان ناهیر – بەکرەجۆ

- گراهام بێڵ، ئەمەریکا. تەلەفۆنی داهێنا.
- یرد، سکۆتلەندا، تەلەفزیۆنی داهێنا.
- گۆتەنبەرگ ، ئەڵمانیا ، پیتی چاپی داهێنا.
- فرانسوا بلانشار، فرەنسا، پەرەشووتی داهێنا.
- گالیلۆ – ئیتاليا، گەرمپیوی داهێنا.
- ئەلفرێد نۆبڵ، سوید، دینامیکێتی دۆزییەوە .
- سانتۆس دوومن، بەرازیل، کەشتیی هەوایی داهێنا.
- بانسن، هۆڵەندا، میکرۆسکۆپی داهێنا.

## شاعیرانی کورد

هیوا سوور – کۆیە

| | |
|---|---|
| دڵدار | میدحەت |
| نالی | ئەحمەد |
| پیرەمێرد | لەتیف |
| هەردی | عەبدولرەحمان |
| هەڵمەت | خدر |
| هەژار | تۆفیق |
| بێبەش | مەسعوود |
| بێ خەو | یونس |
| دڵزار | ئەحمەد |
| پەشێو | عەبدوڵڵا |

ئەمانە نازناوی کۆمەڵێ شاعیری کوردن، بزانە دەتوانی هەریەکە و بەهێڵێک هێما بۆ ناوە ڕاستییەکەیان بکەی!

# ئەمانە بزانی خراپ نییە

ئازاد خورشید-کەسنەزان

١- حکوومەتەکەی قازی محەمەد ١١ وەزیری هەبوو
٢- کۆنترین گەڕەکی شاری سلێمانی مەڵکەندییە.
٣- کەریم خانی زەند ٢١ ساڵ حوکمڕانیی کردووە.
٤- کەی قوباد دامەزرێنەری حکوومەتی ماد بووە.
٥- مەلا مستەفای بارزانی لە ١٤ ٣ ١٩٠٣ لەدایک بووە.
٦- لە ١٩٢٣/٤/١ هەولێر بووە پارێزگا.
٧- سروودی ئەی ڕەقیب شیعری (دلدار)ە.
٨- لە ١٠/٢٣ ١٩٦٨ زانکۆی سلێمانی دامەزرا.

دلێر معروف - چەمچەماڵ

# تەنیا سێگۆشەکان ڕەنگ بکە





# هاوشێوە

تەنیا وێنەیەک هاوشێوەی وێنەی سەرەوەیە

شەیدا شەماڵ - کەرکووک



# پارچەکان بدۆزەوە

نەجات عەبدوڵڵا - کەرکووک



# بمگەیەنە

نەجات عەبدوڵڵا - کەرکووک




خاوەنی ئیمتیاز
بەدران ئەحمەد حەبیب
سەرپەرشتیار
عوف عبدالرحمن
سەرنووسەر
حەمە سەعید زەنگنە
٠٧٧٠١٣١٠٥٤٢
hamatal_z@yahoo.com
جێگری سەرنووسەر
ئەبەز ڕۆستەم
بەڕێوەبەری هونەری و نەخشەسازی
پەروەر
تایپ
دلێر ڕەفیق
ناونیشان
کەرکووک - شەقامی کۆماری
تەلاری صیدلی فخری


# وەڵامی ژمارەی پێشوو

ل٣ مەتەڵ: شەونم

ل٣٠ ڕامان: ٩

ل٣١ ئەمە چییە: ڕیشۆڵە

ل٣٤ شقاتە،تەڵێک لە (٩)یەکە هەڵدەکری دەیخەیتە سەر کەمەکە

ل٣٥ جێکۆڕکێ، ئاسۆیی ڕیزی یەکەم چوارەم خانە، ئاسۆیی ڕیزی کۆتایی چوارەم خانە

ل٣٦ وشەی بزر: هەڵەبجە
شێکاری: سەرسیر

ل٣٧ خەڵات: خوێن

ل٣٨ ماتماتیک: ٩ رۆژ
بیرکاری: ببورن لەنێو جانتاکەی ٨٧٥٠ هەبوو ٤٧٥ دینار مابوو

# گەیاندن

بە گەیاندنـی هێڵەکان بۆت دەردەکەوێـت تەلەفزیۆنی کەرکووک کەی کرایەوەو هەر لەو مێژووەشدا دەستی بە پەخشەکانی کرد.

سیامەند عەلی – تاسلووجە




تەنها ١٠ جیاوازی لە نێو ئەم دوو وێنەیەدا هەیە . . . . . دەتوانیت دەستنیشانیان بکەیت ؟



پروشە جەبار – سلێمانی

# یاریی شقارتە

ڕۆژ دلێر – ئازادی




جێگۆڕکێ بەیەک تەلە شقارتە بکە تا ئەنجامی هاوکێشـەکە بکاتە سەد .



# هاوبەشی

دلێر – چەمچەماڵ



لە نێوان ئەم دوو وێنەیەدا پێنج شتی هاوبەش هەیە .

# جێگۆڕکێ

جێگۆڕکـێ بـە دوو ژمـارە بکە تا بە ستوونی و ئاسۆیی کۆی ڕیزەکان بکاتە ٢١

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 5 | 2 | 2 | 6 | 1 | 3 |
| 6 | 1 | 3 | 4 | 2 | 5 |
| 4 | 3 | 1 | 2 | 5 | 6 |
| 2 | 6 | 5 | 1 | 3 | 4 |
| 1 | 5 | 6 | 3 | 4 | 2 |
| 3 | 4 | 4 | 5 | 6 | 1 |

ئاڤان جەمال–بازیان

# سێبەر



سێبەری ئەم پڵینگـە ونبووە ، دەتوانیت بیدۆزیتەوە ؟

پۆلا سامی – کەرکووک

# ئەمانە بزانە

پەروانە خالید – سۆران

– فووتێ: یەک پێیە (٣٠,٤٨ سانتیمەترە)
٢– یاردەیەک: ٣ فووتە
٣– ١ ئینج: ٢,٥٤ سانتیمەترە
٤– ١ تۆن: ١٠٠٠ کیلۆگرامە
٦– ا مسقاڵ: ٥ گرامە
٧– ١ ئەسپ: ٧٣٦ واتە
٨– ١ وات: ڤۆڵت ئەمپێرە

## وشەی بزر

داستان محەمەد -ئازادی

دوای ئەوەی بە هێڵێکی ڕاست ئەم ئێوانەی لای خوارەوە دەسڕیتەوە، ناوێکت بۆ دەمێنێتەوە لە ١٢ پیتان پێکهاتووە و ناوی باڵندەیەکی ناسیردەرە.

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ک | ە | ش | ە | ڕ | ە | ل | ە | ق |
| ڵ | ق | ■ | ر | ڵ | ا | د | ■ | س |
| ا | ه | پ | و | ە | ک | ە | ک | و |
| و | ا | ا | ف | ێ | م | ژ | ک | ێ |
| ک | ش | س | ن | م | ت | ە | ه | س |
| و | ە | ا | د | ر | ن | ش | ە | ک |
| ڕ | ن | ر | س | ا | ب | ش | ڵ | ە |
| ە | ی | ی | ر | ا | ک | ە | ژ | و |
| ە | ش | ی | ز | ش | ا | ڵ | ا | د |

قەلەڕەش، سوێسکە، داڵاش، داڵ، کڵۆکورە، شینە شاهۆ، پاساری، کەو، فندس، کۆتر، کەناری، باز، هەڵۆ

## کوێرکردنەوە

عەبدوڵڵا مەلا – چەمچەماڵ

دوای ئەوەی بە هێڵێک پیتەکانی نێوی ئەم میوانە کوێر دەکەیتەوە ناوی میوەیەکت بۆ دەمێنێتەوە لە سێ پیتان پێکهاتووە و لە ڕاستیدا لە ڕیزی سەوزەکاندا دادەنرێت.

(هەنار، هەرمێ، بەهێ، سێو، نارنج)

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ل | ح | ێ | ر | م | ە | ن | ی | ۆ | ه |
| | ز | ێ | ر | م | ە | ن | ا | ۆ | ه |
| س | ب | ێ | ر | م | ە | ن | ا | و | ه |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | = | 4 | + | 3 |
| | = | 1 | - | 2 |
| | = | 2 | - | 12 |
| | = | 0 | - | 1 |
| | = | 6 | - | 13 |
| | = | 2 | - | 3 |
| | = | 5 | + | 5 |
| | = | 3 | - | 4 |

## شیکاری

ئانیا وەلی- چەمچەماڵ

ناوی یەکێک لە دێهاتە جوانەکانی کوردستانە و ژیر و زانا بە بزانە ناوی چییە؟

| | | |
|---|---|---|
| 10 | = | ٩ |
| 7 | = | ٢ |
| 1 | = | ٥ |



## خەڵات

کام گیاندار کلکی ببڕیت دەمرێت؟

دوا دەلیڤە ١/٢٥



## گۆتەی نێوداران

یەهجەت کاکەیی – داقووق



– بوونی باوکێک لە دە مامۆستا چاترە — جان جاک رۆسۆ
– مرۆڤ خۆی دروستکەری قەدەری خۆیەتی — زەردەشت
– ڕۆژی خۆش تیشکی خۆری دووەمە — جۆن لۆک
– پێنووس کاریگەرترین چەکە — بتهۆڤن
– ڕێگە بە زمانت مەدە، بەر لە بیرکردنەوە بجووڵێت — شیلۆن

## بە هێڵێکی دروست ئەم پایتەختانە بە وڵاتەکانیان بگەیەنە

ئاپە کەریم–هەڵەبجە

| | |
|---|---|
| کرواتیا | هلسنکی |
| ئەرجەنتین | هاڤانا |
| کوبا | بۆینس ئایرس |
| یابان | نیقۆسیا |
| قوبرس | کۆلۆمبۆ |
| سریلانکا | تۆکیۆ |
| چیک | پراگ |
| فنلەندە | زکرب |
| ئازربایجان | بێریڤان |
| ئەرمینیا | باکۆ |

## سودوکو

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | 1 | | | | 6 |
| | 6 | | 1 | 2 | |
| | | | 2 | | |
| | | 4 | | | |
| | 3 | 2 | | | |
| 1 | | | | 5 | |

شلێر قادر – گۆپاڵە

تۆڕی سۆدۆکۆ پێکهاتووە لە ٣٦ چوارگۆشەی بچووک و ٦ کێشەی گەورە. ئەوەی پێویستە لێرە لەسەر تۆ چوارگۆشەکان بە ژمارە (١-٦) پڕبکەیتەوە بە مەرجێک هیچ ژمارەیەک لە ڕیزی ئاسۆیی و ستوونیی لاکێشەکاندا دووبارە نەبێتەوە.

## بیرکاری

ئەگەر بزانی دووریی هەسارەی ئورانۆس لە خۆرەوە ٢ هەزار و ٨٧١ ملیۆن کیلۆمەترە و زەویش ١٥٠ ملیۆن کیلۆمەتر لە خۆرەوە دوورە، ئایا دووریی نێوان زەوی و ئورانۆس چەندە؟

شیرین حەمەشین – ڕەحیماوا

## ماتماتیک

ژیر عەوڵا – تەقتەق

کە تەمەنم بەقەد تەمەنی ئێستای ئەو بوو، تەمەنم دوو ئەوەندەی تەمەنی ئەوسای ئەو بوو. کەی تەمەنی ئەویش گەیشتە تەمەنی ئێستای من، کۆی تەمەنی هەردووکمان دەکا ٦٣ ساڵ.

ئا دەی منداڵە ژیکەڵەکان بزانن تەمەنی من و تەمەنی ئەو چەندە!

## تاقیکردنەوەی(٢)

ناز کەریم –تەکیە

هەنگاوی یەکەم: ٢ پارچە کارتۆنی سپیی بازنەیی بێنە و وێنەی چۆلەکەیەک لەسەر یەکێکیان و وێنەی قەفەزێکیش لەسەر ئەوی تریان بکێشە. بە مەرجێ وێنەی قەفەزەکە کەمێک گەورەتر بێت لە وێنەی چۆلەکەکە، پاشان بە کەتیرە پشتی هەردوو کارتۆنەکە بەیەکەوە بنووسێنە.

هەنگاوی دووەم: هەردوو کارتۆنەکە بە کونکەرێک کون بکە، وەکو ئەوەی لە وێنەکەدا دیارە، و تیرەیەکی ٦٠ سانتیمەتری بە هەردوو کونەکاندا تێپەڕێنە و لەوسەرەوە گرێیان بدە.

هەنگاوی سێیەم: گرێکانی هەردوو تیرەکە بە دەستەوە بگرە و بهێڵە کارتۆنەکە کەمێک شۆڕبێتەوە، ئینجا دەست بکە بە سووڕاندنەوەی کارتۆنەکە تا تیرەکە بە تەواوی دەبێتە تیرەیەکی بادراو.

هەنگاوی چوارەم: هەردوو لای تیرەکە بە توندی ڕاکێشە تا کارتۆنەکە بە خێرایی بە دەوری تیرەی خۆیدا دەسووڕێتەوە.

لە کاتی سووڕانەوەی کارتۆنەکەدا چی دەبینی؟

کاتێک کارتۆنەکە بە خێراییەکی زۆر بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتە، چاوەکانت توانای جوداکردنەوەی هەردوو وێنەکەیان نامێنێ و لە مێشکتدا هەردوو وێنەکە لێک دەدرێن و وا دێتە بەر چاو، کە چۆلەکەکە چووبێتە نێو قەفەزەکەوە.





## وێستگەی ئارامی

ڕەوا عوسمان –کەرکووک

١- خواردنێکە لە چوار پیت پێکهاتووە پیتی کۆتاییەکەی لابەی ئەندامێکی لەشت بۆ دەمێنێتەوە.

٢- ناوی کوڕێکە لە پێنج پیت پێکهاتووە، دوو پیتی یەکەمی لابەی ناوی مەلێکی گۆشت خۆرت بۆ دەمێنێت.

٣- ناوی خواردنێکە لە پێنج پیت پێکهاتووە، دوو پیتی کۆتای لابەی، کونێک دەبینی.

٤- شارێکی کوردستانە لە چوار پیت پێکهاتووە. پیتی یەکەمی لابەی، ناوی شتێک دەردەچێ بۆ ڕاکێشانی ئۆتۆمبێل بەکار دێ.

٥- ئایا بە چەند (ف) دەتوانی ئاوازێکی خۆش دەربکەین.

٦- ناوی ئەو کچە چییە و لە چەند پیت پێکهاتووە ئەگەر یەک پیتی ناوەکەی لابەدین نۆ دەمێنێ.

( کونجی ، ڕێباز ، دهۆک ، کوێز ، شنۆ ، دەف )

## وەڵامی گونجاوی بۆ وەدۆزەرەوە

حەیدەر قاسم –دارەتوو

+ ئەو دەرگایە کامەیە، کە ناتوانی بیکەیتەوە؟

+ چی بەرز دەبێتەوە کە باران دەبارێت؟

+ ئەو شتە چییە ڕێگەکان دەبڕێ و سێبەری نییە؟

+ کوێری کوێری بەری دەکا؟

+ ئافرەتە بێ دەنگەکان لەکوێ هەن؟

+ پیاوێک لە پەیژەیەکی ٢٠ مەتری کەوتە خوارەوە بەڵام ئازاری پێ نەگەیشت، بۆ؟

+ ئەو کەوانەیە کە ناتوانین بەکاری بێنین کامەیە؟

+ دوێنێ نەبووە، ئەمڕۆ لەدایک بووە، سبەینێ دەمرێت، چییە؟

+ سەرەتا و کۆتایی نییە؟

+ مرۆڤی نووستوو کە بێدار بووەوە، سەرەتا چی دەکا؟

+ پەلکە زێڕینە، بازنەیە، چاوەکانی دەکاتەوە، کلیلم لا نییە، ئەمڕۆ گۆچانە، چەتر، دەنگە، لە وێنەدا، چونکە لە یەکەم پلە بوو.